هێی ئاسمانی عێراقی لەبارەی نیشتنەوەی بەپەلەی یەکێک لە فڕۆکەکانی لە بەغدا ڕوونکردنەوە دەدات

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی عێراق ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لەوە دەکەن یەکێک لە فڕۆکەکانی هێی ئاسمانی عێراقی لە فڕۆکەخانەی نەودەوڵەتی بەغدا نیشتنەوەی بەپەلەی ئەنجامدابێت، بەڵکو دەڵێت، ئەو فڕۆکەیە سەر بە هێی ئاسمانی ئور بووە، کەمپانیاکەش دەڵێت، فڕۆکەکەیان توشی کێشەی تەکنیکی بووە.

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی عێراق لە ڕونکردنەوەیەکدا کەدەستی موتێع کوتووە باسی لەوەکردووە، هیچ فڕۆکەیەکی هێی ئاسمانی عێراق نیشتنەوەی بەپەلەی لە فڕۆکەخانەی بەغدا ئەنجامنەداوە و ئەو دەنگیانەی کە لەوبارەوە باودەکرێنەوە، "دورە لە ڕاستییەوە".

مەیسەم سافی، وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی عێراق دەڵێت، "هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن باسیان لێوە کردوە کە بەیاربو فڕۆکەیەکی عێراقی لە نەجەفەوە بڕۆ بەیروت بفڕێت، بەڵام بە هەکارێك گەڕاوەتەوە بەغدا، لەو ڕاستیدا ئەو فڕۆکەیە سەر بە کەمپانیای ئور بووە نەک هێی ئاسمانی عێراقی".

هاوکات هێی ئاسمانی عێراقی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "دەمانوێت بە ڕای گشتی ڕونبکەینەوە کە ئێو هەواڵێی بڕاودبێتەوە لەسەر نیشتنەوەی بەپەلەی یەکێک لە فڕۆکەکانمان لە فڕۆکەخانەی نەودەوڵەتی بەغدا، نادروستە بە هیچ شێوەیەک هیچ پێوەندیەکمان بەم بابەتەوە نییە".

لە بەیاننامەکەیدا، هێی ئاسمانی "پابەندبونی خۆی بە جێبەجێکردنی ستاندارد نەودەوڵەتییەکانی سەلامەتی فڕۆکەوانی و خستنە ژێر ڕێکاری تەکنیکی توند و پشکنینی خولیی بەلەمەکانمان کە بەرزترین ئاستی سەلامەتی و کارایی کارکردن بە سەرجەم گەشتکانمان مسۆگەر دەکات دوپاتکردەوە".
هێی ئاسمانی ئور لە ڕاگەیەندراوەکدا باسی لەوەکردوە، "ئەو فڕۆکەیەکی بەپەلە نیشتوەتەوە لە نەجەفەوە بەرەو بەیروت فڕیوە و لە ئاسمانی عێراقدا توشی کێشەی تەکنیکی بوە و پێویست بو بە لە پێناو سەلامەتی سەرنشینانی لە فڕۆکەخانەی نەودەوڵەتی بەغدا بنیشتەوە، پشتڕاستی دەکەینەوە سەرجەم سەرنشینانی فڕۆکەکە و تیمی فڕۆکەوانی سەلامەتن".

ئەوەشی خستوەتەوە، "لە ئێستادا ئامادەکاری دەکرێت بە گواستنەوەی سەرجەم سەرنشینانی فڕۆکەکە لە بەغداوە بە بەیروت بە گەشتێك دوای ئەوەی کێشەکە چارەسەرکرا".